# سی ساڵ لەمەوبەر؛ رۆژانی راپەرین، ئەورۆژەی شارەبانی شاری سەقز گیرا

## یادی شەهید "حەمەحسین کەریمی" بەرز و بەرێز بێت!

**احمد اسکندری**

لەسەروبەندی راپەرینی جەماوەری لە دژی رژیمی شادا، بۆ ماوەی چەند رۆژێک چبوومە تاران؛ رۆژی ١٢ی رێبەندانی ١٣٥٧ (١ی مانگی دووی ١٩٧٩) کە خۆمەینی لە پاریسەوە گەرایەوە بۆ تاران، منیش لەمەیدانی ئەوکاتی "شەهیاد" و ئێستای "ئازادی" بووم. منیش وەکوو کەسێک کە لە وڵاتێکی دیکەوە هاتبێت لەو جەماوەرە بەرینە و لەو ئاپۆرەی خەڵکە بە هەموو چینو توێژەکانەوە بەراستی سەرم سوورمابوو. . .

لە زانکۆی تاران لە چەندین خۆپیشاندان و کۆڕوکۆبوونەوەدا بەشداریمکرد؛ لەبیرمە لەو گەرماوگەرمەی راپەرینەدا کە حیزبی توودە و ژمارەیەکی دیکە لە رووناکبیران، لایەنەسیاسییەکان و چالاکانی سیاسی پشتیوانییان لە "جمهوری اسلامی پیشنهادی آیت‌الله خمینی" دەکرد، لە هەمان کاتیشدا چەندین لایەن هەبوون کە ئەوەیان رەتدەکردەوە و دەیانگوت ئەرتەش برای ئێمە نییە و حکوومەتی ئیسلامی ناتوانێت دیموکراتیک بێت و هی دیکە. رۆژی ١٩ی رێبەندان بەشداریم کرد لە کۆبوونەوەی چەندهەزار کەسی چریکهای فدایی خلق لە دانشگای تاران و هەروەها لە کۆبوونەوە زۆر گەورەی مجاهدین هەر لەوێ.

رۆژی ٢١ی رێبەندان کە دوایین رۆژی حکوومەتی پاشایەتی بوو لە ئێران، لەناو جەنگەی تەقەو ئاگرتێبەردان و خۆپیشاندان و هەستانی جەماوەری ملیونەها کەس لە پایتەختی ئێران، ئێمە نزیکەی ٣٠ کەسێک بووین کە بە ئوتوبۆسێک توانیمان لای ئێوارە زۆر بە زەحمەت لەناوشار دەرچین بەرەو شاری سەقز. پێش سەفەرەکەم فریا کەوتم کە رۆژنامەکانی ئەو ئێوارەیەی تاران دەستبخەم و لەگەڵ خۆم بیبەمەوە بو سەقز. سەرلەبەیانی رۆژی دواتر واتە ٢٢ی رێبەندان رۆژی رووخانی رژیمی شا لە مەیدانی هەڵۆی سەقز کە شوێنی کۆبوونەوەو دانانی بڵاوکراوە و بەیاننامە بوو لەسەر دیواری مەیدانەکە، رۆژنامە تازەکانم هەڵواسیو و خەڵکێکی زۆری لێکۆبووەوە و توانییان وێنەی تازەترین رووداوەکانی تاران و دەنگوباسەکان بخوێننەوە. شاری سەقزیش وەکوو هەموو شارەکانی کوردستان و ئێران لەناو ئاگری شۆڕشدا دەجۆشا و خۆشی و شادی رووخانی رژیمی شا هەموو وڵاتی داگرتبوو.

هەرئەو ئێوارەیە بیستم کە دۆستی ئازیز و لەمێژینەم حەمەحسین کەریمی گەراوەتەوە بۆ سەقزو زۆر تامەزرۆی دیتنی بووم؛ حەمەحسین رۆژی ١٣ی رێبەندان و بۆ بەشداریکردن لە ناشتنی تەرمی رەئووفی برایدا هاتبووەوە. رەئووفی گەنجی تەمەن نزیکەی ٢٠ ساڵ بەسەفەرێک چبووە تاران و لەوێ لە ناو ئەو جەماوەرە راپەریووە ملیۆنییەدا شەهید ببوو. حەمەحسین هەم لە سەرقەبران و هەم لە کۆبوونەوەی یادکردنەوەی رەئووفدا قسەی کردبوو بۆ خەڵکی شار؛ من ئەو رۆژانە لە چەندین کەسم بیست کە قسەکانی حەمەحسین زۆر کاری کردبووەسەریان و باسی ئەوەیان دەکرد کە زۆر وەکوو کەسێکی لێزان و ژیر و لەهەمانکاتدا شۆڕشگێر قسەیکردبوو.

حەمەحسین خوێندکارێکی زیرەک بوو؛ چ ئەوکات کە پێکەوە لە شاری سەقز دەمانخوێند وچەندین ساڵ هاوکلاس بووین، چ ئەوساڵانەی کە لە دانشکدەی کشاورزی شاری کەرەج خەریکی خوێندنی موهەندیسی کشتوکاڵ بوو، بەردەوام کەسێک بوو کە بە پلەی باش و بەشێوەیەکی بەرجەستە خوێندنی تەواو دەکرد. من لە زانکۆی شیراز و ئەو لە کەرەج بەردەوام بە نامە پەیوەندیمان هەبوو؛ چەند جار لە تاران و چەند جارێکیش هاوینان لە سەقز یەکترمان دەبینی. پاییزی ساڵی ١٩٧١ (١٣٥٠ی ئێران) لەسەقز هەردووکمان بۆ ماوەی مانگێک موعەلیمی خوێندنگای ناوەندی بووین لەبەرئەوەی خوێندنی زانکۆکانمان وەستابوو. ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارەکانی سەقز کە ئەوساڵە ئەویان ناسی زۆر زوو کەسایەتی تایبەتی حەمەحسین‌یان بۆ دەرکەوت و لەگەڵ موعەلیمێکی بەتوانا، دڵسۆز، زووئاشنا و دۆست بەرەورووبوون. زۆرێک لەو کورو کچە گەنج و شۆرشگێرانە، دواتر لە رێکخراوێکدا جێگای خۆیان دۆزییەوە کە لەرۆژی شەهیدبوونی حەمەحسین‌دا ناو و هەڵسووڕانی خۆی ئاشکراکرد.

ئێوارەی رۆژی راپەرین و رووخانی رژیمی شای ئێران واتە ٢٢ی رێبەندان، من و محمد ئامۆزام چووین بۆماڵیان بۆ سەردان و سەرەخۆشی شەهیدبوونی رەئووف و بۆ چاورۆشنیکردن لە مامەساڵە و دایە رەعنا کە حەمەحسین

گلێنەی چاویان بوو. من زۆر لەمێژبوو حەمەحسینم نەبینیبوو؛ ئەو بە نهێنی دەژیا و هەڵبەت نەمدەزانی کە لەریزی ئەو کەسانەدایە کە دواتر کۆمەڵەیان دامەزراند. منیش تازە چەند مانگێک بوو لە سەفەری فەرانسە گەرابوومەوە و ماوەیەکی زۆربوو پەیوەندییەکی راستەوخۆمان نەبوو. کە گەیشتینەماڵیان دایکو باوکی زۆر بەگەرمی بەخێریان هێناین و وتیان هەر ئێستا پێش ئێوە دەرکەوت؛ پاش تاوێک ئێمەیش دەرکەوتین. دواتر لەناوشار هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە شارەبانی (بنکەی پۆلیس) هێشتا خۆی تەسلیم نەکردووە و بۆیە جەماعەتێک بەرەو ئەوێ رۆیشتوون و پاش تەقەکردنێکی کورت ئەوێیش گیراو کەوتە دەست خەڵک. . زۆری پێنەچوو دەرکەوت کە یەک بریندارى سەخت هەیە ئەویش حەمەحسین کەریمی‌یە!

من دوای ئەو ماوە دووورودرێژە سەرەنجام حەمەحسینم لەسەر تەختی بیمارستانی سەقز بینیەوە و ماچمکرد. نە پزشکەکان و نە کەس‌و کاری خۆی و نە ئێمە کەس پیوانەبوو کە برینەکەی زۆرقورسە؛ هەڵبەت لە یەک دوو لاوە باسکرا کە بەرەو تاران یان شوێنێکی دیکە بەرێی‌بکەین. بەڵام لەو رۆژانەدا تەنانەت تەقە لە ئامبولانسیش دەکرا و وەزعەکە ئەوەندە شپرزەو ئاڵۆزبوو کە بریار هاتەسەر ئەوە هەر لە سەقز بمێنێتەوە. بەردەوام ژمارەیەکی زۆر دۆست و هاورێ و کەس‌وکار لەلای دەبووین و پزشک و پەرستارەکانیش زۆر دڵسوزانە ئاگایان لێبوو؛

ئەو پۆلیسانەش (پاسەبان) کە تەقەکەیان کردبوو، ئەوانیش پاش گرتنی شارەبانی کەوتبوونەبەر لێدانی زۆر لەکاتی دەستگیرکرتندا و بریندار ببوون و ئەوانیش هەر لەو بیمارستانە بوون وژوورەکەیان رێک لەپەنای ژوورەکەی حەمەحسین‌دا بوو. چەند کەسێک لە گەنجانی دڵسۆز و فیداکار بەشەو و بەرۆژ کێشکیان ئەدا هەم ئاگایان لە حەمەحسین بوو هەم وریای ئەوەش بوون کەس هەڵنەکوتێتە سەر ئەو پاسەبانانە چونکوو بەردەوام گلەیی و بۆڵەبۆڵ دەهات کە بۆچی ئەو کەسانەتان رێگا داوەتە ناو بیمارستان، ئەوانە دژبە شورشن و نابێت هیچ کەس پەرستارییان لێبکات! دیارە گوێمان بەو قسانە نەئەدا و هەموو لایەکمان ئومێدەواربووین هەرچی زووتر حەمەحسین بکەوێتەوە سەرپێی خۆی و بۆ ئەوانیش وەزعەکە ئارام بێتەوە.

لەولایشەوە سەرگەرمی کاروباری ناوشاری سەقز و بەرێوەبردنی شارەکە بووین. پاش تێکشکانی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت لە شاردا، دەسەڵاتی رەسمی رووخابوو، بەڵام هێشتا هیچ شتێک نەبوو کە جێگایان بگرێتەوە. ئێمە (واتە نوێنەری توێژە جۆراوجۆرەکانی ناوشار) لەلایەک و ژمارەیەکیش لەو مەلایانەی کە لەژێرەوە لایەنگری حکوومەتی ئیسلامی بوون و چەند کەسێکیش لە دەوڵەمەندەکانی شار لەلایەکی دیکەوە، کێشەمان بوو کە چۆن شۆرایەک بۆ شار هەڵبژێرین کە بتوانێت کارەکان راپەرێنێت.

رۆژی پێنجشەممە ۲٦ی رێبەندانی ۱۳۵۷ واتە ۱۵ی مانگی دووی ۱۹۷۹ دوای خۆپیشاندانێکی گەورە، خەڵکێکی زۆر لە مزگەوتی جامێعای سەقز کۆبووینەوە و پاش قسەوباس و مشتومرێکی زۆر سەرەنجام هاتینە سەر ئەوەی کە بە شێوەی دەنگدانی نهێنی شۆرای تازەی شار هەڵبژێرین؛ کاندیداکان دیاریکران و ناوەکانمان نووسی و وەرەقەی دەنگدانمان بڵاو کردەوە و . . لەگەرمەی ئەم کارانەدا بووین کە لەپڕ کەسێک بەپەلە خۆی گەیاندە لای ئێمە و وتی "کاکە حەمەحسین شەهید بوو!". . .

ئێمە لەپێشدا باوەرمان نەدەکرد؛ ئاخەر چەند کەسێکمان دووسێ سەعات پێشتر سەرمان لێدابوو و هیچ لەوە نەدەچوو وەزعی خراپ بێت؛ بەڵام ئەو کەسەی کە هەواڵەکەی هێنابوو جێگای متمانە بوو و زۆر بەداخەوە زانیمان کە راستە. لێرەدا کەوتینە سەر دوورێیانێک. چوارپێنج کەس بووین؛ ئایا خێرا هەموو شتێک بەجێبهێڵین و بچین بۆ سەر تەرمەکەی حەمەحسین و خەمی دڵی خۆمان هەڵبرێژین یان ئەوەی کە ئەم پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردنە کە بە زەحمەتێکی زۆر رێکمانخستووە بەرەو کۆتایی ببەین. کاتێکی سەیر بوو، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بەهەواڵەکە نەزانن دەبوو بە نهێنی بریاری خۆمان بدەین کە هەڵبەت زۆر بۆمان سەخت بوو. سەرەنجام هاتینە سەر ئەوەی کە دەنگدان با بەرێوەبچێت و وەرەقەی دەنگەکان کۆبکەینەوە لەناو سندووقەکاندا، پلۆمبی بکەین؛ بژاردن و خوێندنەوەی دەنگەکان و راگەیاندنی شۆرا دابنێین بۆ دواتر چونکوو هەتا کات دەرۆیشت زیاتر بۆمان دەردەکەوت کە مانەوەمان زەحمەتە و خەم و پەژارەیەکی قووڵ هەموومانی داگرتبوو. . . هەروامانکردو پرۆسەی دەنگدان ئەنجامدرا.

بەپەلە و بە پۆل خۆمان گەیاندە بیمارستان؛ هەموومان بەکوڵ دەگریاین. دەمەو ئێوارە بوو، ئەو ساڵە سەقز وەکوو ساڵانی دیکە زۆر سارد نەبوو. لەگەڵ دیمەنێکی ئێجگارسەیربەرەوروو بووینەوە؛ خەڵکێکی زۆر خۆیان گەیاندبووە حەوشی بیمارستان و هەموو کەس دەگریا و نەماندەزانی چۆن لەگەڵ دایک و باوک و خوشک و براکانی حەمەحسین قسەبکەین و چی بڵێین. ئاخەر ئەوان تازە تەرمی رەئووفیان لەتارانەوە بۆ هاتبووەوە . . هەرچۆنێک بوو تەرمی حەمەحسین خرایە ناو ئامبوولانسی بیمارستان و ئەو جەماوەرە زۆرە لەو ئێوارە تاریک‌ولێڵەی شاری سەقزدا لەناو گریان و شیوەن و بەدەم سرووودخوێندنەوە بەرەوە مزگەوتی جامیعا وەرێکەت. زۆر لە دۆستان و نزیکان و خزمو کەس و هەروەها خەڵکی شار باوەریان نەدەکرد بەو ئاسانییە حەمەحسین ماڵئاوایی لێکردبێتن.

یەکەم دەرکەوتنی حەمەحسین لە راپەریندا و لەشاری سەقز ئەو رۆژە بوو کە پاش ناشتنی تەرمی رەئووف لە کۆرێکدا ماوەیەک بۆ خەڵک قسەیکردبوو؛ کەسانێکی زۆر، بە سەرسوورمانەوە گوێیان گرتبوولە قسەکانی ئەم پیاوە گەنجە تەمەن 30 ساڵەیە کە ماوەیەکی زۆر بوو خەڵکی شار نەیاندیبوو بەڵام لەپڕ و بۆماوەیەکی کورت لەگەڵ کەسایەتییەکی پرشنگدار، پیاوێکی تێگەیشتووی پێگەیشتووی قسەزان و بە کاریسماوە بەرەوروو ببوون. کێ دەیتوانی پێشبینی بکات کە ئەوە دوایین چاوپێکەوتنی نێوان جەماوەری خەڵکی شاری سەقز و ئەم خەباتکارە شۆرشگێرو خۆشەویستەیە.

حەمەحسین ساڵی ۱۳۲۷ (۱۹٤۸) لە سەقز لەدایک بوو؛ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سەقز تەواوکرد و خوێندکارێکی زۆر زیرەک بوو. هاوینان و هەروەها کاتێک کە خەریکی خوێندن نەبوو، یارمەتیدەری باوکی بوو لە دووکانە پچووکەکەیدا. هاوینی ساڵی ۱۳٤۸ لە زانکۆی کەشاوەرزی شاری کەرەج وەرگیرا. هەرزوو تێکەڵی بزووتنەوەی چەپی ناو خوێندکارانی زانکۆ بوو و لەگەڵ کاک فوئاد و باقی ئەو هاورێیانەدا چالاک بوو کە دواتر کۆمەڵەیان راگەیاند. جارێکیان ساواک گرتی و پاش نزیکەی مانگێک لەبەر ئەوەی هیچی نەدرکاند و ئەوانیش نەیانتوانی هیچ بەڵگەیەک لەدژی بەکاربێنن، ئازادیانکرد. حەمەحسین پاش تەواوکردنی خوێندنی دانشگا و ماوەیەک کار لە دەوروبەری مەهاباد، سەرەنجام وەکوو سەرۆکی ئیدارەی کەشاوەرزی شاری سەقز دەستیکرد بەکار. نزیکەی ساڵێک پێش شەهیدبوونی، بەتەواوی دەستی لە سەرۆکایەتی ئیدارە و کار و پۆست و ژیانی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرت و بوو بە کادرێکی سیاسی بەتەواوی نهێنیکار. ماوەیەک لە خوزستان و دواتر وەکوو بەننا لە میراوای سەردەشت خەریکی کرێکاری‌بوو؛ هاوکات لەگەڵ هەڵسووڕانی سیاسی، ژیانی خۆی تێکەڵی ژیانی رەنجدەران و بێبەشانی کۆمەڵگاکە کرد. وادیارە هاتنەوەی بۆ سەقز هەر بۆ بەشداری لە ناشتنی تەرمی رەئووفدا نەبوو، بەڵکوو بریارێکی رێکخراوەییش بوو کە سەقز و ناوچەکانی دەوروبەریان بە حەمە حسین سپاردبوو. حەمەحسین و هاورێیانی کۆمەڵە (دیارە لە کۆنگرەی یەکەمدا کە پاییزی ئەوساڵە گیرابوو) پێشبینی ئاڵوگۆڕی سیاسی گەورەیان لە ئاستی کوردستان و ئێراندا کردبوو.

درەنگانێکی ئێوارەی ۲٦ی رێبەندان تەرمی حەمەحسین گەیشتە مزگەوتی جامێعای سەقز و ژمارەیەکی زۆرمان ئەو شەوە هەر لەوێ ماینەوە. لەبیرمە ئەو شەوە هەر نووسراوەیەکی کورت لەلایەن دۆستانی نزیکی حەمەحسین خوێندرایەوە کە تێیدا وێرای دەربرینی خەم و پەژارەی زۆر بۆ لەدەستدانی حەمەحسین، ئاماژە بەوە کرابوو کە ئەم شەهیدەمان کەسایەتییەکی گرینگە و بێگومان لە رۆژانی داهاتوودا دەردەکەوێت کە چ جێگا و پێگەیەکی لەناو شۆرشدا هەبووە. . . رۆژی دواتر بە بەشداری چەندین هەزار کەس لە شاری سەقز و لە هاورێیان و دۆستانی لە شارەکانی دیکەوە لە مەراسمێکی شایستەدا، ماڵئاواییمان لە حەمەحسین کرد و تەرمەکەیمان ناشت.

زۆری پێنەچوو کە بەبۆنەی شەهیدبوونی حەمەحسین کەریمی‌یەوە، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ناو و هەڵسووڕانی خۆی ئاشکرا کرد و دەرکەوت کە ئەو یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوە بووە.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە کە رەسووڵ برای دیکەی حەمەحسین (کە لە رەئووف گەورەتربوو) زۆر بەداخەوە لەکاتی تۆپبارانی شار لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەهاری ۱۹۸۰ (۱۳۵۹) لە پێش چاوی من و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سەقز – کە لەوکاتەدا لەو دەوروبەرەدا بووین - لەگەڵ چەندین کوڕی گەنجی خوێنگەرمی تێکۆشەری وەکوو خۆی لە

مەیدانی هەڵۆی شاری سەقز شەهید بوون. بەم چەشنە مامەساڵە و دایە رەعنا لەماوەیەکی کەمدا بوون بە خاوەنی سێ رۆڵەی شەهید.

ئێوارەی رۆژی ٢٦ی رێبەندان لە کاتێکدا کە ئێمە لە بیمارستان سەرگەرمی شیوەن و گریان و بەرێکردنی تەرمی حەمەحسین بووین، لەولاوە چەند گەنجێک شیشەی پەنجەرەی ژووری پاسەبانەکانیان شکاندبوو، چبوونەسەریان و بەشێوەیەکی ناشیرین کوشتبوونیان؛ بەوەش رازی نەببوون، تەرمەکانیان هێنابووە سەر خیابانی بەردەم درگای بیمارستان و بێحورمەتییان پێدەکردن. من و یەکدوو هاورێیەک کە بەوەمان زانی دەستبەجێ چووین و دوای تووڕەبوون لەو کەسانە، یارمەتیماندا کە تەرمەکان بگوێزرێنەوە ساردخانەی بیمارستان. رەنگە لێرەدا پێویست بێت ئەوە وەبیربێنمەوە کە ئەورۆژانە سەردەمی راپەرینێکی خوێناوی بوو کە بەردەوام دیمەنی کوشتن و لێدانی ئەوکەسانەی کە پارێزگارییان لە رژیمی پاشایەتی دەکرد، لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان و هەروەها لە تەلەڤیزیۆندا بڵاو دەکرایەوە. . .

هەفتەی رابردوو لە کۆبوونەوەیەکدا لە ستۆکهۆلم سەرۆکی حیزبی چەپی سوێد و هەیئەتێکی هاورێی کە تازە لەسەفەری باشووری کوردستان گەراونەتەوە راپۆرتی سەفەرەکەیان داو باسی کۆمەڵەیشیان کرد؛ لاش ئۆلی سەرۆکی حیزبی چەپ وتی لەم سەفەرەماندا بۆ کوردستان " چووین بۆ سەردانی ٣ کۆمەڵە، بەداخەوە"!

ئەوا ئێستا کۆمەڵە بەداخەوە چەند پارچەبووە؛ هەموو لایەنەکان وێنەی حەمەحسین و کاک فوئاد و دوکتور جەعفەر و کاک صدیق کەمانگەر و باقی هاورێیانی شەهیدی کۆمەڵە لەسەر سایت و لە تەلەڤیزیۆنەکەیانەوە نیشان ئەدەن. رێزگرتن لەو ئازیزانە و سەدان و هەزارانی دیکەش کە هەرکامەیان شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە هەڵبەت زۆر پێویستە و ئەبێ بکرێت؛ نەک هەریادکردنەوەیان بەڵکوو ئاوڕدانەوە لە کەس‌و کار و خۆشەویستەکانیشیان پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، هەرچەند زۆر بەداخەوە زۆر کەم کراوە. کێشەکە لەوەدایە کە هەر لایەنە بە نیشاندانی وێنەی ئەم شەهیدانە ئەیەوێت ئەوە وەبیر بێنێتەوە کە "ئەمانە هی ئێمەن و رێبازی ئێمە لەراستیدا درێژەی رێگای ئەوانە"! . . خۆ ئەگەر سەرنجی هەڵوێست و سیاسەت و ئامانجەکانی ئێستایشیان بدەین - کە هەموویان زۆر بەلایانەوە گرینگە بیسەلمێنن "کۆمەڵەی راستەقینە" ئەوانن – بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر لێک جیاوازن. ئێستا ئەوانەی کە خۆیان بە کۆمەڵەو بە میراتگری کاک فوئاد و حەمەحسین و ئەوانی دیکە ئەزانن، تەیفێک پێک دێنن کە لەمپەرەوە باوەر بە دۆستایەتی ئەمریکا و ئومێد بەئاڵوگۆڕ لەسەرەوە و خۆلادان لە بیری چەپ و سوسیالیسم و باسی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێش دەبینرێت، لەوپەڕیشەوە نەدیتنی ستەمی میللی لە کوردستان و دژایەتی کردنی هەرچی رەنگی کوردی و مێژووی کوردی پێوە دیاربێت.

جاری وابووە منیش وەکوو زۆر کەسی دیکە ئەسپی خەیاڵ هەڵیگرتووم و لە خۆمم پرسیوە بەراستی ئەگەر حەمەحسین بمایە ئێستا لەکام لا دەبوو؟ ئەی کاک فوئادی ژیرو خاوەنی دووربینی و لێکدانەوە و دارشتنی پلان بۆ داهاتوو؟ ئەم پرسیارە نامومکین و نەگونجاوە، پێموایە وەڵامی نییە و کەس بۆی نییە خۆی بسپێرێت بە گومان و هەڵهێنان و بکەوێتە هەڵکۆڵینی بیروبۆچوونی رابردووی ئەم ئازیزانە بۆ ئەوەی راست و رەوابوونی ریبازی سیاسی ئەمرۆی خۆی و حیزب و لایەنەکەی خۆی بسەلمێنێت.

سەرەرای ئەوەش من بەش بەحاڵی خۆم بەو ناسینەی لەسەر حەمەحسین بوومە ئەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کە هەم ئەو، هەم کاک فوئاد و هەم دوکتۆر جەعفەر و لەوانەیە زۆری دیکەش ئەگەر زیندووبان و لەناو کۆمەڵەکەی خۆیاندا دەستیان برۆیشتایە، بەشێوەیەکی ئینسانی هەڵوێستیان ئەگرت؛ دڵنیام لەوەی کە:

حورمەت و کەرامەتی هاورێیانی پێشووی خۆیان نەدەشکاند؛ ناوی هاوسەنگەرانی پێشووی خۆیان بەخراپە نەدەزراند، رێزیان بۆ ئەوکەسانە دادەنا کە باشترین ساڵەکانی ژیان وگەنجی و هەستو نیستی خۆیان لە کۆمەڵە درێخ نەکرد. بۆچوونی جیاوازیشیان هەبووایە بە بۆچوون و بە رەخنە ململانێیان لەگەڵ دەکردن نەک بە گورزی دەسەلاتی رێکخراوەیی؛ با لەگەڵیشیان ناتەبا بوایەن لە ئوردووگا دەریاننەدەکردن و نەیاندەخستنە ناو هەلومەرجی نادیاری بارووددۆخی نالەبار و ژیانی سەختو دژواری باشووری کوردستان؛

لەگەڵ کەسانێک کە ساڵەهای ساڵ لەو ڕێکخراوەدا خەباتیان کردووە وەکوو ئینسانی خاوەن رابردوویەکی خەباتگێرانە هەڵسو کەوتیان دەکرد و بەزۆر داوای بەڵگەیان لەکەس نەدەکرد بۆ ئیسباتی شۆڕشگێڕبوون؛ ئەگەر خۆیان لەریزی کۆمەڵەدا مابانەوە لەخۆبایی نەدەبوون و منەتیان نەدەکرد بەسەر کەسانی دیکەدا کە لەبەر نەخۆشی، ماندوویی، تووڕەیی، بیری جیاواز، کێشەی بنەماڵەیی، خەمۆکی یان بەهەر هۆیەکی دیکە لە کۆمەڵە هاتبنەدەر، با چەندین ساڵیش "کاریان هەر نووستن بووبێت"؛ هێرشیان نەدەکردە سەر کەسایەتی ئەو جیابیرانەی کە بۆچوونی جیاوازیان هەبوو حەتتا ئەگەر هەر خەریکی ژیانی تاکەکەسی خۆیشیان بووبن! تاقە پێوەری شۆڕشگێڕبوون و مرۆڤ بوون لای ئەوان ئەوەنەبوو کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەی ئەواندابن یان ئەوەی رەخنەیان لێنەگرن!

ئەوەندە عاشق و ئەوینداری دەسەڵات و پلەوپایە نەدەبوون؛ شەفافییەت و پێکەوەهەڵکردنیان بەدیدەکرد و لەگەڵ هاوڕێیانی کۆمیتەو دەستەو کۆڕەکاندا نهێنییەکانیان دابەشدەکرد؛ هەوڵیان ئەدا کە شەفافییەت و هەستی بەرپرسیارەتی پەیرەوبکرێت و دەربەست نەبوون سەروەت و سامان لە ژێر ئیمزای کامە هاوڕێدایە؛ نەدەبوون بە خوداوەندو ڕێبەری گەورەو تاکەکەسێک کە هیچکەس نەتوانێت جێگایان بگرێتەوە؛

وەکوو ڕێبەری سیاسی لە نێلسۆن ماندێلای ئازادیخواز و یەکسانیخواز و خۆنەویستەوە زۆر نزیک دەبوون نەک لەو ڕێبەرە کۆنە شۆڕشگێڕانەی کە مەستی دەسەڵات دەبن و ئازادی و دیموکراسی پێشێلدەکەن! ئەگەر جیاوازی بیرو باوەڕیان لەگەڵ هاورێیەکدا هەبوایە کەسەکەیان نەدەشکاند و تێکیان نەدەرووخاند بەڵکوو بۆچوونەکانیان ئەدایە بەر رەخنەو بەئاشکرا هێڵ و سنوورەکانی لێکجیابوونەوەیان دەستنیشاندەکرد؛

کەسانێکی زۆر لە یاران و پێشمەرگەی دێرین ئێستا زیندوون کە ئەگەر لەجەرگەی شەڕو بزووتنەوەکەدا گیانیان لەدەستبدایە، وێنەو پۆستەری گەورەو فیلمیان لێ بڵاودەکرایەوە؛ ئەو مرۆڤانە ئەمرۆ و ئێستا کە ماوون، بەزیندوویی چاوەروانی سڵاوێکی گەرمی دڵی پڕهومێدن!

لەوانەیە کەسێک بڵێ جا ئەوەش خەونە! من ئەوە رەتناکەمەوە! خۆ مرۆڤ دەتوانێ خەونی ئاوات و ئارەزووەکانی خۆی ببینێت؛ خۆ لانیکەم نموونەی نێلسۆن ماندێلا هەیە کە خەون نییە! ئەی بۆ پێمانوانەبێت کە کاک فوئاد و حەمەحسین دەیانتوانی بەو ڕێگەیەدا برۆن؟ کێ پیوابوو کە ماندێلا لە لووتکەی خۆشەویستی و دەسەڵاتدا و لەناو جەرگەی باروودۆخێکی سیاسی زۆر دژوار و ئاڵۆزدا پاش تەواوبوونی دەورەی سەرۆکایەتییەکەی هەم لە ئەی.ئێن.سی و هەم لە سەرۆککۆماری ئەفریقای باشوور دەست هەڵدەگرێت؟

با لە ساڵرۆژی شەهیدبوونی حەمەحسین و لەیادی هەموو شەهیدەخۆشەویستەکانی دیکەدا، لەگەڵ ئەوەی کە سەری رێز و ئیحترام بۆ خۆیان و بۆ بنەماڵەیان دادەنەوێنین، ڕێزلە خەبات و خۆبەختکردنو رەنجو ماندووبوونیان بگرین و بەپێی بۆچوونی ئەمرۆمان ناسنامەیان بۆ دیارینەکەین. لەهەمانکاتدا لەبیرمان بێت کە ژمارەیەکی زۆر ئینسان هێشتا لەژیاندا ماوون کە بەزیندوویی شیاوی ڕێزلێنان و حورمەت لێگرتنن. جەستەکان کە دەبینین، با مرۆڤەکانیش ببینین!

٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٧ (٢٠٠٩/٢/٨)